# ئیبراهیم: دۆستی خودا

(پەیدابوون ١٣ – ١٥)

لە وانەی ڕابردوودا، چاومان خشان بەو ووشانەی خودا فەرمووی دەربارەی پێغەمبەر ئیبراهیم. زانیمان کە ناوی ئیبراهیم نەبوو بەڵکو ئەبرام. زانیمان کە ئەبرام لە ئوری کلدانیەکان لەدایك بوو، کە ئێستا پێی دەوترێ عێراق. خەڵکی ئەو وڵاتە بت پەرست بوون. ووشەی خودا دەفەرموێ کە ڕۆژێك لە ڕۆژان خودا بەدەرکەوت بۆ ئەبرام و پێی فەرموو کە ماڵی باوکی بەجێ بهێڵێ و بەرەو ئەو خاکە باربکات کە خۆی پێی نیشانی دەدا.

لەبیرتە بۆچی خودا بە ئەبرامی ووت کە بار بکات بۆ وڵاتێکی تر؟ لەبەر ئەوەی خودا پلانی وابوو کە نەتەوییێکی نوێ لە ئەبرام درووست بکات کە نەتەوەی پێغەمبەرانی خودا لێوە هەڵسێت، لەکۆتاییشدا، خودی ڕزگاری دەری دونیای لێوە هەڵسێ. بۆیە زانیمان کە کاتێ خودا بانگی ئەبرامی کرد، لە پلانی خۆی بەردەوام بوو بۆ هێنانی ڕزگاری دەری دونیا. بۆیە خودا بە ئەبرامی فەرموو (جا دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن و بەرەکەتدارت دەکەم...و هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بە هۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.) (پەیدابوون ١٢: ٢-٣)

خوێندمانەوە کە چۆن ئەبرام بەگوێی خودای کرد و خاکی خۆی بەجێ هێشت و نەیدەزانی کە خودا بەرەو کوێی دەبا. کاتێ ئەبرام ماڵی باوکی بەجێ هێشت تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵ بوو. سارای خێزانی لەگەڵ خۆی برد، هەروەها لۆتی کوڕی برا گەورەکەی، هەروەها ماڵ و موڵك و خزمەتکارەکانی، و بەرەو کەنعان بەڕێ کەوت. کەنعان ئێستا ئەو خاکەیە کە بە فەلەستین یاخود ئیسرائیل دەناسرێ.

کاتێ ئەبرام گەیشتە خاکی کەنعان، جارێکی تر خودا بەدەر کەوت و پێی فەرموو، (ئەم زەوییە دەدەمە نەوەی تۆ.) (پەیدابوون ١٢: ٧) بەم شێوەیە دەبینین چۆن خودا کە بەڵێنی دابوو بە ئەبرام کە بیکاتە باوکی نەتەوەیەکی نوێ، هەروەها بەڵێنی دابوو کە خاکێکی نوێی بداتێ بۆ خۆی ونەوەکەی کە تیایدا بژین. زۆر سەیرە! ئەبرام و خێزانەکەی زۆر پیربوون و هیچ منداڵیان نەبوو، باشە چۆن دەتوانن نەوەیان هەبێ کە زەوی پڕکاتەوە؟ زوو وەڵامی خودا دەزانین بۆ ئەو پرسیارە.

ئێستا، با بەردەوام بین لە چیرۆکی ئەبرام، ئێمە لە تەورات دەخوێنین، لە سیپارەی پەیدابوون بەشی سێزدەهەم. لەم بەشەدا دەبینین کە چی ڕویدا لە بەینی ئەبرام و لۆتی کوڕی برای. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ١٣) [2] ئەبرام لە ئاژەڵی ماڵی و لە زیو و لە زێڕ زۆر دەوڵەمەند بوو. [3] قۆناغ بە قۆناغ کۆچی کرد، لە نەگەڤەوە تاکو بێت ئێل، تاکو ئەو شوێنەی یەکەمجار چادرەکەی ئەوی لێبوو، لە نێوان بێت ئێل و عای. [4] بۆ شوێنی قوربانگاکەی کە یەکەمجار دروستی کرد، لەوێدا ئەبرام بە ناوی خوداوەند نوێژی کرد. [5] هەروەها لۆتیش کە لەگەڵ ئەبرامدا دەڕۆیی، مەڕ و مانگا و چادری هەبوو. [6] جا زەوییەکە هەردووکیانی هەڵنەگرت تا پێکەوە نیشتەجێ بن، لەبەر ئەوەی دەستکەوتیان ئەوەندە زۆر بوو کە ئیتر نەیانتوانی پێکەوە نیشتەجێ بن. [7] ناکۆکی لە نێوان شوانەکانی مەڕومالاتی ئەبرام و شوانەکانی مەڕومالاتی لۆتدا ڕوویدا. لەو کاتەدا کەنعانییەکان و پریزییەکان نیشتەجێی زەوییەکە بوون. [8] ئینجا ئەبرام بە لۆتی وت: (با هیچ ناکۆکییەک لە نێوان من و تۆدا و لە نێوان شوانەکانم و شوانەکانتدا نەبێت، چونکە ئێمە مام و برازاین. [9] ئەوە نییە هەموو زەوی لە بەردەمتدایە؟ کەواتە لە من جیا ببەوە. ئەگەر بەلای چەپدا بڕۆیت، من بەلای ڕاستدا دەڕۆم و ئەگەر بەلای ڕاستدا بڕۆیت، من بەلای چەپدا دەڕۆم.) [10] لۆت چاوی هەڵبڕی و بینی هەموو دەوروبەری ڕووباری (ئوردون) ئاودارە. وەک بەهەشتی خوداوەندە، وەک زەوی میسر کە بەرەو (چۆعەر) دەڕۆیت - پێش ئەوەی خوداوەند سەدوم و عەمۆرا وێران بکات. [11] لۆت هەموو دەوروبەری ئوردونی بۆ خۆی هەڵبژارد و بەرەو ڕۆژهەڵات کۆچی کرد. ئیتر هەردووکیان لە یەکتری جیا بوونەوە. [12] ئەبرام لە زەوی کەنعاندا نیشتەجێ بوو، لۆتیش لە شارەکانی دەوروبەردا نیشتەجێ بوو، ڕووەو سەدوم چادرەکانی هەڵدەدا. [13] خەڵکی سەدوم لە ڕادەبەدەر بەدکار و گوناهبار بوون، دژ بە خوداوەند.)

بەم شێوەیەی دەبینین کە چۆن لۆت سەوزترین خاکی بۆ خۆی هەڵبژارد و ووشکترین خاکی بۆ مامی بەجێ هێشت. بەڵام، ئەو کەرتەی کە لۆت هەڵیبژاردبوو لە سەدوم بوو، ئەو شارەی کە پڕبوو لە خراپەکاری گەورە. لۆت بە ویستی خۆی ئەو جێگایەی هەڵبژاردبوو بەڵام ئەبرام بە ویستی خودا. پاش دوو وانەی تر، دەبینین چی بەسەر لۆت هات کە بەدوای حەزەکانی خۆی کەوت. لە کۆتاییشدا هەموو شتێکی لە دەست دا: سەروەت و سامانی، ژنەکەی، خێزانەکەی و دڵ خۆشی خۆی! بەڵام ئەبرام، ئەوەی کە هەموو شتێکی دایە دەست خوداوە، بەرەکەتێکی گەورەی خودا بە سەریدا باری.

چۆن دەتوانین سوود لە چیرۆکی ئەبرام و لۆت وەربگرین؟ ڕەنگە بە پرسیارێکی زۆر ئاسان کەلە خۆمانی بکەین: ئایا من بە کامیان دەچم؟ بە ئەبرام یان بە لۆت ؟ ئایا من بە دوای ماڵی دونیا کەوتووم وەك لۆت؟ یاخود بەدوای شتی هەمیشەیی وەك ئەبرام؟ هەر وەك ئەوان، ئێمە دەبێت لە نێوان ئیرادەی خۆمان و خودا هەڵبژێرین، ئەو کەسەی کە زانا بێت ئیرادەی خودا هەڵ دەبژێرێت. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: چونکە چی بەکەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو جیهان بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێت؟ (مەرقۆس ٨: ٣٦) نە جیهانتان خۆشبووێت، نە ئەو شتانەی لە جیهان دایە...چونکە جیهان و هەوەسەکانی بەسەردەچن، بەڵام ئەوەی بە خواستی خودا دەکات تاهەتایە دەچەسپێت. (١ یۆحەنا ٢: ١٥، ١٧) ئەو شتە چییە کە لە هەموو شتێك زیاتر دەتەوێ؟ ماڵی دونیا کە بێگومان دەمرێ یاخوود شتی خودایی کە هەمیشە زیندووە؟

ئێستاش با بەردەوام بین لەگەڵ چیرۆکی ئەبرام، نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (پەیدابوون ١٤) [14] کاتێک ئەبرام بیستی کە برازایەکەی ڕاپێچکراوە، بانگەوازی بۆ خزمەتکارە مەشق پێکراوەکانی دەرکرد کە لەدایکبووی ماڵەکەی بوون و سێ سەد و هەژدە کەس بوون، ئیتر تا (دان) دوایان کەوت. [15] کە شەویش داهات خۆی و پیاوەکانی دابەش بوون، جا هێرشی بردە سەریان و تاکو (حۆڤا) دوایان کەوت، کە لە باکووری (دیمەشق)ـە. [16] جا هەموو شتومەکەکان و هەروەها لۆتی برازای و شتومەکەکانی و ژنەکان و خەڵکەکەی هێنایەوە. [17] دوای گەڕانەوەی ئەبرام لە بەزاندنی کدارلاعۆمەر و پاشاکانی دیکەی هاوپەیمانی، پاشای سەدوم بۆ پێشوازیکردنی هاتە دەرەوە لە (دۆڵی شاڤێ) کە (دۆڵی پاشا)یە. [18] (مەلکیسادق)ـی پاشای (شالیم)یش نان و شەرابی دەرهێنا. ئەو کاهینی (خودای هەرەبەرز) بوو.

(پەیدابوون ١٥) [1] دوای ئەم شتانە، لە بینیندا وشەی خوداوەند بۆ ئەبرام هات، فەرمووی: (مەترسە ئەی ئەبرام، من قەڵغانم بۆت، پاداشتت زۆر گەورەیە.) [2] ئەبرامیش وتی: (ئەی خوداوەندی باڵادەست، چیم دەدەیتێ کە من هەروا وەچاغ کوێر بم و میراتگری ماڵم (ئەلیعەزەر)ـی دیمەشقییە؟) [3] هەروەها ئەبرام وتی: (ئەوەتا هیچ وەچەیەکت نەداومەتێ، ئەوەتا ئەوەی لە ماڵەکەم لەدایک بووە دەبێتە میراتگرم.)

[4] لەو کاتەدا وشەی خوداوەندی بۆ هات، فەرمووی: (ئەمە میراتگرت نابێت، بەڵکو ئەوەی لە هەناوتەوە دێتە دەرەوە ئەو دەبێتە میراتگرت.) [5] ئینجا بردیە دەرەوە و فەرمووی: (سەیری ئاسمان بکە و ئەستێرەکان بژمێرە، گەر دەتوانیت بیانژمێریت.) هەروەها پێی فەرموو: (نەوەکەت ئاوا دەبێت.) [6] جا ئەبرام باوەڕی بە خوداوەند هێنا، ئەویش ئەمەی بە ڕاستودروستی بۆ دانا.

سەرسوڕهێنەرە! ئەبرام و ژنەکەی تەمەنیان گەورەبوو و هیچ منداڵیان نەبوو، لەگەڵ ئەوشدا خودا بەردەوام بەڵێنی پێ دەدا کە نەتەوەیەکی مەزنی پێ ببەخشێ. ئەمە چۆن دەبێت؟ چۆن ئەبرام دەبێتە باوکی نەتەوەیەکی مەزن؟ تەنها یەك وەڵام هەیە: ئەویش ئەوەیە کە پەروەردگار خودا تاکە خودایە کە توانای هەموو شتێکی هەیە! خودا گەورەیە! هیچ شتێك مەحاڵ نیە لە بەرامبەری! ئەو بەڵێنەی بیدا جێ بەجێی دەکات.

ئەی دەربارەی ئەبرام؟ ئایا باوەڕی بە پەروەردگار هێنا، ئەوەی کە بەڵێنی شتێکی مەحاڵی دابوو؟ بخوێنەوە نووسراوی پیرۆز چی دەڵێت: جا ئەبرام باوەڕی بە خوداوەند هێنا، ئەویش ئەمەی بە ڕاستودروستی بۆ دانا! چ شتێکی سەرسوڕهێنەرە! خودا بەڵێنێکی

داوە بە ئەبرام کەلە ڕوانگەی ئادەمیزادەوە مەحاڵە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبرام باوەڕی هێنا بە بەڵێنی خودا! ئەی خودا چی کرد؟ خوداش ئەمەی بە ڕاستودروستی بۆی دانا، لەبەر باوەڕهێنانەکەی!

ئەم ڕاستییە، دەبێت دڵی ئەو کەسانە داگیر بکات کە دەیانەوێ لەلای خودا بەڕاستودرووست بژمێردرێن. بۆچی خودا ئەبرامی وەك ڕاستودروست لە قەڵەم دا؟ ئایا ئەبرام ڕاستودروست بوو؟ نەخێر! لە زنجیرەی داهاتوودا دەبینین کە چۆن ئەبرامیش وەك هەموو بنیادەمێك سرووشتی گوناهباری هەبوو. باشە، بۆچی خودا ئەبرامی وەك ڕاستودروست ژمارد؟ خودا ئەبرامی بەڕاستودروست ژمارد لەبەر ئەوەی باوەڕی بە ووشەکانی هێنا.

ئایا باوەڕهێنان بە خودا مانای چیە؟ ڕەنگە بزانن کە پەرتووکەکانی پێغەمبەران بەزمانی عیبری نووسراوە. لە عیبریشدا ووشەی (باوەڕ) پێی دەوترێ (ئامان) کە ووشەی (ئامین)ی لێ وەرگیراوە. کاتێ کە دەڵێی (ئامین) ئەوا تۆ زۆر بەساکاری دەڵێی (بەڵێ! ڕاستە) یان (بەڵێ، ڕازیم) و ئەوشە مانای باوەڕهێنانە. کاتێ کە خودا بەڵێنی بە ئەبرام دا، وەڵامی ناو دڵی ئەبرام ئەمە بوو (ئامین! بەڵێ! ئەوە ڕاستە! باوەڕم بەقسەکانت هەیە) و لەسەر بنەمای ئەو ووشە ساکارە (ئامین) کە وەڵامی ئەبرام بوو بەرامبەر خودا، خودا ئەبرامی بە ڕاستودروست ژمارد.

ئەی دەربارەی تۆ؟ دەتەوێ خودا تۆش وەك ئەبرام بە ڕاستودروست بژمێرێ؟ ئەگەر دەتەوێ ئەوا دەبێت وەك ئەبرام باوەڕ بە خودا بێنی، دەبێت باوەڕ بە قسەکانی خودا بێنی تەنانەت گەر سەختیش بێت. دەبێت ووشە ڕاستەقینەکانی خودا قەبوڵ کەی تەنانەت گەر هاتوو خزم و کەست یان برادەرەکانت باوەڕیان پێ نەبوو، خودا دەیەوێ داتپۆشی بە ڕاستودروستی خۆی و مافی ئەوت بداتێ کە هەتاهەتا لەژێر سایە پیرۆزەکەی خۆی بژیت، بەڵام دەبێت باوەڕ بە ووشەکانی بێنیت. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: بێ باوەڕیش مەحاڵە خودا ڕازی بکرێت (عیبرانییەکان ١١: ٦) هەروەها دەڵێت: چونکە بە نیعمەت ڕزگارتان بوو بەهۆی باوەڕ، ئەمەش لە خۆتانەوە نییە، بەڵکو دیاری خودایە، لە کردار نییە، تاکو کەس شانازی نەکات. (ئەفەسۆس ٢: ٨، ٩) ئێتر چی بڵێین، ئیبراهیمی باوکمان بەگوێرەی جەستە چی پەیداکرد؟ چونکە ئەگەر ئیبراهیم بە کردار بێتاوان بووایە شانازی دەکرد، بەڵام نەک لەلای خودا. چونکە نووسراوەکە چی دەفەرمووێ؟ {ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا.} (ڕۆما ٤: ١–٣)

ئەبرام باوەڕی بە ووشەکانی خودا هێنا، لەبەر ئەوەش خودا ڕاستودروستی تەواوی خۆی پێ بەخشی. سەرسورهێنەترین شت لەناو ئەو ووشانەی کە دەڵێ، (ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا.) ئەوەیە کە ئەمە تەنها بۆ ئەبرام نییە، ئەو ووشانە بۆ ئێمەشە، چونکە خودا تەواوی ڕاستودروستی خۆیمان پێ دەبەخشێ گەر باوەڕمان بە مزگێنیەکەی هێنا دەربارەی ئەو ڕزگاری دەرەی کە پاشان لە نەوەی ئەبرام هاتە جیهانەوە.

ئەی دەربارەی تۆ خوێنەری خۆشەویست؟ ئایا بەڕاستی باوەڕت بە خودا هەیە؟ پرسیارەکە لێرە ئەوە نیە کە ئایا باوەڕت بە بوونی خودا هەیە، یاخود بڵێی کە خودا یەکە، نووسراوە پیرۆزەکان دەربارەی ئەم جۆرە باوەڕە دەڵێت، تۆ باوەڕت هەیە کە یەک خودا هەیە، چاک دەکەیت. تەنانەت ڕۆحەپیسەکانیش باوەڕ دەکەن و دەلەرزن. (یاقوب ٢: ١٩) شەیتانیش باوەڕی بەوەیە کەیەك خودا هەیە. باوەڕهێنان بەوەی کە خودا یەکە واناکات کەخودا لەگوناهەکانت خۆش بێت وبە ڕاستودروست بتژمێرێ! ئەوەی کەخودا لێتی دەوێ ئەوەیە کە باوەڕ بە ووشەکانی بێنی و وەریگری. خودا دەیەوێ لە ڕێگەی نووسینەکانی پێغەمبەران قسەت لەگەڵ بکات. دەیەوێ بزانی وباوەڕ بێنی بە هەواڵی ڕزگاربوون کە پێت نیشان دەدات چۆن ببیتە ڕاستودروست هەتاهەتا بەرامبەر بە خودای پارسا!

ئایا خودا بە پۆشاکی ڕاستودروستی خۆی داپیۆشیوی؟ یاخود تەنها پۆشاکی ئاینت داپۆشیوە؟ ئایا گوێگری ووشەی ڕاستەقینەی خودای؟ یاخود ووشە مردووەکانی خەڵك؟ ئایا دەزانی نووسراوە پیرۆزەکان چی ڕادەگەیێنن دەربارەی ڕێگای ڕاستودروست بۆ ڕزگاربوون کە خودا دایمەزراندووە؟ ئایا باوەڕت پێ هێناوە؟

دەربارەی ئەبرامیش، ئەو باوەڕی بە ووشەکانی خودا هێنا، هەرچەندە ئەوە مانای ئەوە بوو کە دەبێت واز لە خزمەکانی و لە ئاینی باوکی بێنی. لەبەر ئەوەش پێی وترا دۆستی خودا. ئەی دەربارەی تۆ؟ تۆش دۆستی خودای؟

خوداش بەرەکەتی خۆی بخاتە سەرتەوە کاتێ کە دەروانیە ئەم ئایتە گەورەیەوە: ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا، هەروەها ناوی لێنرا دۆستی خودا. (یاقوب ٢: ٢٣)



# گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. لەبیرتە بۆچی خودا بە ئەبرامی ووت کە بار بکات بۆ ولاٚتێکی تر؟

٢. ئەبرام و خێزانەکەی زۆر پیربوون و هیچ منداڵیان نەبوو، باشە چۆن دەتوانن نەوەیان هەبێ کە زەوی پڕکاتەوە؟

٣. چۆن دەتوانین سوود لە چیرۆکی ئەبرام و لۆت وەربگرین؟ ڕەنگە بە پرسیارێکی زۆر ئاسان کەلە خۆمانی بکەین: ئایا من بە کامیان دەچم؟ بە ئەبرام یان بە لۆت؟ ئایا من بە دوای ماڵی دونیا کەوتووم وەك لۆت؟ یاخود بەدوای شتی هەمیشەیی وەك ئەبرام؟

٤. ئەو شتە چییە کە لە هەموو شتێك زیاتر دەتەوێ؟ ماڵی دونیا کە بێگومان دەمرێ یاخوود شتی خودایی کە هەمیشە زیندووە؟

٥. ئەمە چۆن دەبێت؟ چۆن ئەبرام دەبێتە باوکی نەتەوەیەکی مەزن؟

٦. ئەی دەربارەی ئەبرام؟ ئایا باوەڕی بە پەروەردگار هێنا، ئەوەی کە بەڵێنی شتێکی مەحاڵی دابوو؟

٧. بۆچی خودا ئەبرامی وەك ڕاستودروست لە قەڵەم دا؟ ئایا ئەبرام ڕاستودروست بوو؟

٨. ئایا باوەڕهێنان بە خودا مانای چیە؟

٩. ئەی دەربارەی تۆ؟ دەتەوێ خودا تۆش وەك ئەبرام بە ڕاستودروست بژمێرێ؟ ئایا بەڕاستی باوەڕت بە خودا هەیە؟

١٠. ئایا خودا بە پۆشاکی ڕاستودروستی خۆی دایپۆشیوی؟ یاخود تەنها پۆشاکی ئاینت داپۆشیوە؟ ئایا گوێگری ووشەی ڕاستەقینەی خودای؟ یاخود ووشە مردووەکانی خەڵك؟ ئایا دەزانی نووسراوە پیرۆزەکان چی ڕادەگەیێنن دەربارەی ڕێگای ڕاستودروست بۆ ڕزگاربوون کە خودا دایمەزراندووە؟ ئایا باوەڕت پێ هێناوە؟

١١. ئەی دەربارەی تۆ؟ تۆش دۆستی خودای؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:

وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی

rrd2011@yahoo.com          www.rrdk.org